نێودەوڵەتی

# پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان تورکیاو روسیای فیدرال

## ٢٠٠٠- ٢٠٠٩


**دکتۆر لوقمان عومەر مەحمود**

**زانکۆی موسل**



### کورتکراوەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە تاوتوێ کردنی پەیوەندیی دوقۆڵیی نێوان تورکیاو روسیای فیدرال لە بواری سیاسی و دپلۆماتیکیدا لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٠- ٢٠٠٩. لەو ماوەیەدا هەردوولا چاکترین پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا دروست کردووە، ئەویش بەهۆی گۆڕانی سیستمی سیاسی لە هەردوو وڵات و پیادەکردنی سیاسەتی دەرەکیی هاوسەنگ و کارا لەدەوروبەری ئیقلیمی خۆیاندا. ئەم سیاسەتە بوو بە مایەی پتەوکردن و چەسپاندنی پەیوەندیی دوقۆڵیی نێوانیان و قوڵکردنەوەی هاوکاری لەبوارو ناوچە جیاوازەکاندا، سەرباری هەماهەنگیی هەردولا سەبارەت بە مەسەلە گرنگەکان کە جێی بایەخی هەردولایە. سەردانی بەرپرسانی هەردوو دەوڵەت بەشێوەیەکی فەرمی بۆ لای یەکتر بووە هۆی پێشکەوتنی ئەو پەیوەندییە و گواستنەوەی بۆ ئاستی هاوبەشیی ستراتیجی لەرێی ئەو رێککەوتننامانەی کە لە نێوانیاندا هاتە دی، لەوانە دوایین رێککەوتننامەی ماوەی دیاریکراو کە رێککەوتننامەی ستراتیجییە لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٩ کە ئاسۆیەکی تازەی بۆ هاوکاریی ستراتیجی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا کردەوە.

## پێشەکی

پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١و دوایی هاتنی شەڕی سارد (١٩٥١- ١٩٩١) پەیوەندیی نێوان تورکیاو روسیا ناوبەناو گرژیی تێدەکەوت و ناوبەناویش ناسەقامگیر دەبوو، ئەویش بەهۆی رکەبەرایەتیی راستەوخۆی هەردوو دەوڵەت لەچەند ناوچەیەکی ستراتیجی وەك کافکاس، ئاسیای ناوەڕاست و بالکان. ئەم رکەبەرایەتییە بە درێژایی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بەردەوام بوو. بەڵام پەیوەندیی دوقۆڵیی هەردوو وڵات لەگەڵ هاتنە سەر کاری سەرۆکی روسیا ڤلادیمیر پوتن لە ساڵی ٢٠٠٠ و هەروەها لەگەڵ هاتنە سەر کاری پارتی دادو پەرەپێدان بۆ سەر کار لە تورکیا لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ بە سەرۆکایەتیی رەجەب تەیب ئەردۆغان، هێدی هێدی ئارام بۆوەو هەردولا سیاسەتێکی دەرەکیی نەرمیان بەرامبەر بە یەکتری پێڕۆ کرد بە مەبەستی کەم کردنەوەی فاکتەرەکانی گرژیی نێوانیان و پەرەپێدانی هاوکاری لە هەموو بوارەکاندا.

پاشان ئەم سیاسەتە بەو ئاستە گەیشت کە لە کۆتایی نەوەدەکاندا هەردولا کەوتنە سەردانی کردنی یەکتر بە چەشنێکی فەرمی و ئەمەش بووە هۆی چاکبونی پەیوەندیی سیاسیی نێوانیان و لە هەمان کاتیشدا رەنگدانەوەی پەی بردنی بەرپرسانی هەردوو دەوڵەت بوو بە گرنگیی پەرەپێدان و چەسپاندنی پەیوەندیی دووقۆڵی، بەتایبەتی پاش سەردانەکەی سەرۆکی روسیا ڤلادیمیر پۆتن بۆ تورکیا لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٤. پاشان، هەر دوا بەدوای ئەمە، سەرەك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان لە کانونی دووەمی ٢٠٠٥دا سەردانی مۆسکۆی کرد. هەروەها سەردانی سەرۆکی تورکیا عەبدوڵڵا گول بۆ مۆسکۆ لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٩ بە وەرچەرخانێکی گرنگ لە مێژوی پەیوەندییەکانی تورکیا- روسیا دەژمێردرێ چونکە ئەم سەردانە دەروازەیەکی ستراتیجیی بۆ هاوکاریی نێوان هەردوو وڵات لە تەواوی بوارەکاندا کردەوە، بەتایبەتی پاش بەرجەستە کردنی ئەو هاوکارییە لەچوارچێوەی "راگەیەندراوی رێککەوتنی هاوبەش" کە مۆسکۆ بە "دیکۆمێنتێکی ستراتیجی"ی داناوە.

ئەم توێژینەوەیە لەبنەڕەتدا لە پەرەسەندنی پەیوەندیی نێوان تورکیاو روسیای فیدرال لەبوارە سیاسی و ئابورییەکان تەرخان کراوە، ئەویش لە ماوەی دیاریکراو. بەڵام لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکە زۆر دورو درێژ بوو و ژمارەی لاپەڕەکانی ٣٠ لاپەڕەی فولسکابی تێپەڕاندبوو، بەتایبەتی لەبواری ئابوریدا، لێکۆڵینەوەکە کورت کرایەوە بە چەشنێك کە تەنها لایەنی سیاسی بەسەر بکاتەوە. لێرەش دەبێ جەخت بکرێتە سەر ئەوەی کە پەرەسەندنی پەیوەندیی ئابوریی نێوان هەردوو دەوڵەت، رەنگدانەوەی باشی لەسەر چاکبونی پەیوەندیی سیاسی هەبوە. جگە لەمە، لێکۆڵینەوەکە کۆبەندێکی گرتۆتە خۆ کە کورتکراوەیەکی چڕی بەرچاو خستووە و هەروەها لەکۆتاییدا گرنگترین ئەنجامگیرییەکانیش ریز کراون.

## دەروازە: تورکیا و روسیای فیدرال پاش شەڕی سارد

## ١٩٩١- ٢٠٠٠

لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١و سەرەتای دەستپێکی گۆڕانێکی تازە لە هەڵسوڕانی ناوچەیی ئاراستە سیاسییە دەرەکییەکانی تورکیا، هەروەها روسیاش، پێشبینیی ئەوە دەکرا کە پەیوەندییەکانی تورکیا- روسیا گۆڕانیان بەسەردا بێت. دوا بەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت، تورکیا و روسیا دەستیان بەجموجوڵێکی دپلوماتکارانەی گەرم و گوڕ کرد کە لە ئایاری ساڵی ١٩٩٢دا گەیشتە ئەو ئاستەی کە هەردولا پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان کۆماری تورکیاو روسیای فیدرال لە ٢٥ی ئایاری ١٩٩٢ واژۆ بکەن. ئەم پەیمانە لەخزمەتی هەردوو دەوڵەتدا بوو چونکە بووە بنەمایەکی یاسایی بۆ پەیوەندیی دووقۆڵیی نێوان هەردوو وڵات و هەوڵیشی دا بنچینە ستراتیجییەکان بە چەشنێك رێك بخاتەوە کە ببێ بەمایەی بەردەوامبونی ئەو پەیوەندییە. ئەمەش بەدرێژایی سەردەمی سەرۆکایەتیی سەرۆکی پێشوی روسیا بۆریس یەلتسن ١٩٩١- ١٩٩٩ هەر درێژەی کێشا.[١]

روسیای فیدراڵ لە ناوچەی کافکاس و ئاسیای ناوەڕاست بە ئەکتەرێکی سەرەکی دادەندرێ هەم لەڕوی سیاسییەوە هەم لەڕوی عەسکەرییەوە، بۆیە پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی تورکیا- روسیا رەنگدانەوەی باشی لەسەر تەرازوی هێزی ناوچەکە هەبوو، هەروەك رەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتی دەرەکیی تورکیاش لەو ناوچەیە هەبوو. لە سەردەمی شەڕی سارددا پەیوەندیی نێوان هەردولا دەوەستایەتە سەر رکابەریی نێودەوڵەتی بەڵام دوای کۆتایی هاتنی ئەو شەڕە پەیوەندیی تورکیا- روسیا بووە شتێکی گرنگ بۆ هەردوکیان لەو ناوچەیە. هەروەها روسیای فیدراڵ بووە گرنگترین دەوڵەت لە کافکاس و ئاسیای ناوەڕاست، چ وەك هاوبەش چ وەك رکابەری تورکیا. روسیا بەپێچەوانەی تورکیاوە ئەزمونێکی باشی لەو ناوچەیە هەبوو، هەروەها شارەزاییەکی باشی سەبارەت بە تایبەتمەندی و سیما سیاسی و ئابورییەکانی ناوچەکە هەبوو، کە ئەمەش قازانجێکی زۆری بۆ روسیا هەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك بەربەست لەبەردەم روسیا هەبوو کە هەندێکی بەربەستی ناوەکی بوو هەندێکی دەرەکی، لەسەروی هەموویانەوە پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە روسیا هەم لەروی ئابورییەوەو هەم لەڕوی سیاسییەوە قورسایی یەکێتیی سۆڤێتی پێشووی لەسەر شان بوو، بۆیە لە پێنج ساڵی بەرایی دامەزرانیدا دوچاری شێواویی سیاسی و قەیرانی ئایدیۆلۆژی بوو، هەروەك روبەڕوی پرسی جیاخوازیی چاچانەکان بۆوە و ئەمەی بە مایەی هەڕەشە بۆ سەر یەکێتیی سەرزەمینەکەی خۆی زانیوە.[٢]

لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٥ و ١٩٩٩ دا پەیوەندیی سیاسیی نێوان تورکیاو روسیای فیدراڵ گرژییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی، ئەویش لەبەر چەند پرسێك لەسەروی هەموویانەوە جەنگی چاچانستان و شەڕی تورکیا لە دژی پەکەکە. لە ئاکامی ئەمەدا ئەوەی کە پێی دەگوترێ "تیرۆر" بوو بە مەسەلەیەکی سەرەکی لەسەر مێزی گفتوگۆی فەرمیی لێپرسراوانی تورك و روس لەو ساڵانە. روسیای فیدراڵ لە روی سیاسییەوە پشتیوانیی لە پەکەکە دەکردو رێی دابوو پەکەکە کۆنفرەنسی لە ناو روسیا ببەستێ و سەرکردەکانی کۆبونەوەی تێدا بکەن،

هەروەك توركیاش پشتیوانیی لە جەنگاوەرەكانی چاچانستان دەكرد لە خەباتیاندا دژ بە روس. بۆیە هەردولا یەكتریان بەوە تۆمەتبار دەكرد كە هەر یەكێكیان سەروەری و یەكپارچەیی خاكی ئەوی تر پێشێل دەكات.

بۆیە دەبینین لێپرسراوانی هەردوو وڵات لە كۆبونەوە فەرمییەكان لە نیوەی دووەمی دەیەی نەوەدەكاندا چونەتە سەر جەخت كردنەوە لەسەر رێزگرتنیان لە یەكپارچەیی خاكی یەكتری كە ئەمەش بەم واتایە دەهات كە دەبوایە توركیا دەست لە كاروباری ناوخۆی روسیای فیدرال وەر نەدات و روسیای فیدرالیش پەیوەندیی بەكاروباری ناوخۆی توركیاوە نەبێت، ئەویش بەوەی كە هیچ لایەكیان كۆمەك پێشكەش بە گروپە چەكدارەكانی دەوڵەتەكەی تر نەكەن.

لەم چوارچێوەیەدا وەزیری دەرەوەی توركیا تانسوو چیللەر لە ساڵانی ١٩٩٦ و ١٩٩٧ سەردانی مۆسكۆی كردو جەختی لەسەر ئەو مەسەلانە كردەوە. لە سەردانەكەی چیللەر بۆ مۆسكۆ لە كانونی یەكەمی ساڵی ١٩٩٦ داو دیداری لەگەڵ وەزیری دەرەوەی روسیا یەڤگینی پریماكۆڤ، چیللەر رایگەیاند كە هەردوولا، توركیا و روسیای فیدرال، رێز لە یەكپارچەیی خاكی یەكتری دەگرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشەكانی وەزیری دەرەوەی توركیا لە نیشانەی نیاز پاكی بەو لاوە هیچی دی نەبون و نەبونە مایەی رێگرتن لەوەی كە روسیا توركیا بەوە تۆمەتبار بكات كە چەكی بۆ چاچانستان ناردووە، لە هەمبەری ئەمەشدا چیللەریش روسیای بەوە تۆمەتبار كرد كە چەكی بە یۆنانییەكانی قوبرس فرۆشتووە.[٣]

لە دووەمین سەردانی بۆ مۆسكۆ لە ساڵی ١٩٩٧، وەزیری دەرەوەی توركیا چیللەرو وەزیری دەرەوەی روسیا پریماكۆڤ لە بەردەم میدیاكاندا هەوڵیاندا وای نیشان بدەن كە ناكۆكییە سیاسییەكانی نێوان توركیاو روسیای فیدرال بەقەد جاران سەخت و دژوار نەماون و بۆ دەستەبەركردنی نەهێشتنی ئەو ناكۆكییانە، پێویستە هەردولا لەو بوارانە كە تێیدا تێڕوانینی هاوبەشیان هەیە، بە شێوەیەكی گورج و گۆڵتر كار بكەن.[٤]

هەرچەند هەردولا حەزیان بەچاککردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان بوو، بەڵام تورکیا و روسیا نەیانتوانی لەسەر رێوشوێنەکانی بەدی هێنانی حەزەکەیان رێك بکەون. لە کاتێکدا سەرەك وەزیرانی روسیا فکتۆر چێرنۆمیردن لە ساڵی ١٩٩٨دا رایگەیاند کە چاکبونەوەی پەیوەندییە ئابورییەکان رۆڵێکی باشی لە باشترکردن و پتەوکردنی پەیوەندییە سیاسییەکاندا دەبێ، سەرەك وەزیرانی تورکیا مەسعود یلماز (٣٠ی حوزەیرانی ١٩٩٧- ١١ی کانونی دووەمی ١٩٩٩) رایگەیاند کە پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابورییەکان پێویستی بەوەیە کە پەیوەندییە سیاسییەکان تا ئەندازەیەکی باش چاك بکرێنەوە. بەهەر حاڵ، رۆژگار ساغی کردەوە کە تێڕوانینەکەی چێرنۆمیردن راستە چونکە بەرە بەرە پەیوەندیی ئابوریی تورکیا- روسیا، تەنانەت لەو کاتانەش کە تێیدا گیروگرفتی سیاسی لە نێوان تورکیا و روسیا هەبوە، بەرەو بوژانەوە هەنگاوی نا. دیارە پەیوەندیی ئابوریی باشی نێوان هەردولا کاریگەریی باشی لەسەر بوارە سیاسییەکان هەبوە.[٥]

پەیوەندییەکانی تورکیا- روسیا لە کۆتایی دەیەی نەوەدەکان لە بوارە دیپلۆماتیکی و ئابورییەکاندا گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆیەوە بینی. لە٥ و ٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٩ دا سەرەك وەزیرانی تورکیا بولەنت ئەجەوید (١١ی کانونی دووەمی ١٩٩٩ – ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢) سەردانێکی فەرمیی بۆ مۆسکۆ کرد. لەو سەردانەدا زنجیرەیەك رێککەوتننامە لە نێوان تورکیاو روسیای فیدرال واژۆ کرا، لەوانە رێککەوتننامەی هاوکاریی هاوبەش بۆ بەرپەرچدانەوەی تیرۆرو رێککەوتننامەیەکی دیکە دەربارەی پابەندبونی هەردوولا بە شێوەیەکی فەرمی بە دامەزراندنی پرۆژەی هێڵی بۆریی رێڕەوی شین.[٦]

## پەرەسەندنی پەیوەندییە سیاسییەکانی تورکیا- روسیا لەماوەی ٢٠٠٠- ٢٠٠٧



پاش هاتنە سەرکاری ڤلادیمیر پۆتن لەکانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠، پەیوەندیی سیاسیی نێوان تورکیا و روسیای فیدرال گەشەیەکی ریشەیی بە خۆیەوە بینی چونکە پۆتن سیاسەتێکی نەرمی بەرامبەر بە تورکیا پیادە کرد بە مەبەستی کەمکردنەوەی گرژی و تێپەڕاندنی ناکۆکییەکان و سەقامگیرکردنی پەیوەندیی سیاسیی نێوان هەردوو دەوڵەت لەڕێی سەردانی فەرمییەوە، سەرباری چڕکردنەوەی هاوکاریی نێوانیان لە هەموو بوارەکاندا. لەم چوارچێوەیەدا وەزیری دەرەوەی روسیا ئیگۆر ئیڤانۆڤ لە کاتی بەستانی دانیشتنی پەنجاو پێنجەمی سکرتاریەتی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیوویۆرك لە ١٨ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٠، چاوی بە وەزیری دەرەوەی تورکیا ئیسماعیل جەم کەوت و هەردوکیان پەیوندیی دووقۆڵیی نێوان هەردوو وڵاتیان تاوتوێ کرد، هەروەك چونە سەر گفتوگۆکردن دەربارەی مەسەلەکانی ناوچەکەو جیهان و بە بایەخێکی زۆرەوە ئەو مەسەلانەیان شەن و کەو کرد.[٧]

پاش سەردانە فەرمییەکەی سەرەك وەزیرانی روسیا میخائیل کازیانۆڤ لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠ بۆ تورکیا، پەیوەندیی سیاسیی نێوان هەردوو وڵات زۆرتر گەشەی کرد. کازیانۆڤ لەو لێدوانانەی کە لە ئەنکەرە داویێتی، وتویەتی کە رکابەری لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا هەبوە بەڵام پەیوەندیی نێوانیان لێرە بەدواوە دەچێتە قۆناغی هاوبەشییەوە و لەم رووە وتی "هەردولامان بە شێوەیەکی قووڵ لەسەر ئەوە هاوڕاین کە روسیاو تورکیا رکابەری یەکتری نین بەڵکو هاوبەشی یەکترین و هەردوو حکومەتەکەی هەردوو وڵات لێرە بەدواوە پشت بەم لێك تێگەیشتنە دەبەستن".[٨] ئەم لێدوانە وەها هەڵسەنگێندرا کە

ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی کە لە قۆناغی داهاتودا پەیوەندیی نێوان هەردولا وەرچەرخان بەخۆیەوە دەبینێت.

لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠١دا وەزیری دەرەوەی روسیا ئیگۆر ئیڤانۆڤ سەردانێکی دیکەی بۆ ئەنکەرە کرد. لەو سەردانەدا چاوی بە سەرۆکی تورکیا ئەحمەد نەجدەت سەزەر (٢٠٠٠- ٢٠٠٧) و سەرەك وەزیرانی تورکیا بۆلەنت ئەجەوید کەوت، سەرباری دیداری لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا ئیسماعیل جەم. لەم چاوپێکەوتنەدا وەزیرانی دەرەوەی هەردوو دەوڵەت بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکیان دا بۆ داڕشتنی ستراتیجێکی هاوبەش لە ناوچەی* ئۆراسیا بۆ تاوتوێ کردنی هەندێ پرسی گرنگی وەك مەسەلەی ناگۆرنۆ کەرەباخ و تەنگەکان و وزەو بەرچەرچدانەوەی ئەوەی کە هەردوکیان ناویان لێ ناوە تیرۆر.[٩]

رووداوەکانی ١١ی سپتەمبەر ساڵی ٢٠٠١ لە ئەمریکا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر پتەوکردنی هاوکاریی سیاسی و ئەمنی و ئابوریی نێوان تورکیا و روسیای فیدرال هەبوو. پاش دوو مانگ لە رووداوەکانی ١١ی سپتەمبەر،

---

* ئۆراسیا بارستەیەکی گەورەو بەربلاوی زەوییە، پانتاییەکەی نزیکەی ٥٤ ملیۆن کیلۆمەتری دووجا دەبێت و لە هەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەوروپا پێکدێت لە بەشی باکوری گۆی زەمین. ناوی ئەم بارستەیە لە هەردوو وشەی ئەورووپاو ئاسیا پێکدێ. زۆرێك لە جوگرافیاناسەکان ئۆراسیا وەك هەردوو ئەمریکا و ئەفریقیا بەیەك کیشوەر دادەنێن چونکە دوو کیشوەرەکە هیچ ئۆقیانوس و دەریایەکی گەورە لێکیان دانابڕێ.

لەسەردەمی خۆیدا گریکەکان (یۆنانییەکان)جیهانیان کردبوو بە سێ بەش: ئاسیاو ئەوروپاو ئەفریقیا. ئەم دابەشکردنە تا ئەمڕۆ کاری پێ دەکرێت. بەڵام دابەشکردنێکی دیکەش هەیە بەشێوەیەی ئۆراسیای رۆژهەڵات و ئۆراسیای رۆژئاوا. لێرەدا ئۆراسیای رۆژئاوا بریتی دەبێ لە ئەورووپاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵام هەندێ کەس باکوری ئەفریقیاشی دەخەنە پاڵ چونکە ئەم ناوچەیە بە هۆی بیابانی گەورەوە لە باقی ناوچەکانی ئەفریقیا دابڕاوە، لە کاتێکدا ئۆراسیای رۆژهەڵات بریتی دەبێت لە هەموو ئاسیا، جگە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ زانیاریی زیاتر بنوارە:

الموسوعة الحرة (ویکیبیدیا) لەسەر ئەم ماڵپەرە:

http://ar.wikipedia.org/wiki/

وردتر لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠١دا، وەزیرانی دەرەوەی هەردوو دەوڵەت لە نیوویۆرك چاویان بە یەکتری کەوت و لەوێ یاداشتێکی لێك تێگەیشتنیان بە ناوی "پلانی کاری ئۆراسیا" واژۆ کرد. ئەم دیکۆمێنتە رۆڵێکی گەورەی لە قوڵ کردنەوەی دایەلۆگی هەردوولا و پتەوکردنی پەیوەندیی سیاسی و هەماهەنگ کردنی کۆششە دپلوماتکارییەکانیاندا سەبارەت بە چەردەیەك مەسەلەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لە ناوچەی ئۆراسیا، هەبوو، یاداشتەکە کاری بۆ ئەوە کردبوو کە دایەلۆگی نێوان هەردوو وڵات پەرە پێ بدرێت، نەك هەر لە بوارەکانی بازرگانی و رۆشنبیری و گەشتیاریدا بەڵکو هەروەها بۆ چڕکردنەوەی راوێژی سیاسیی هەمیشەییشدا. لەو دیکۆمێنتەدا بوارەکانی هاوکاری لە ناوچەی ئۆراسیا دیاری کران و وەها تەماشای ئەم پرسە کرا کە هەنگاوێکی یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری سیاسی بۆ دوبەرەکییەکان و پتەوکردنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا، سەرباری خولقاندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ پەرەپێدانی ئابوریی بەردەوام لەناوچەکەدا.[١٠] هەروەها پلانی کارەکە جەختی کردە سەر ئەوەی کە "ئەم لێك تێگەیشتنە هاوبەشە سەبارەت بە رۆڵی یاسای نێودەوڵەتان و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی، تێڕوانینێکی نوێ بۆ پەیوەندیی دووقۆڵیی نێوان هەردوو وڵات گەڵاڵە دەکات".[١١]

لەگەڵ هاتنە سەر کاری پارتی دادو پەرەپێدان لە تورکیا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢، بەرپرسانی روس نەختێك نیگەرانی دایگرتن چونکە حکومەتەکەی تورکیا بووە حکومەتێکی خاوەن ریشەی ئیسلامییانە، کە ئەمەش ئەو راستییەی بە بەر چاوی روسەکانەوە بەرجەستە کردەوە کە ئیسلامییە تورکەکان لە هەموو خەڵکانی تر زۆرتر پشتگیریی چەکدارە چاچانەکانیان کردووە لە ناوەڕاستی دەیەی نەوەدەکاندا. سەرەك وەزیرانی ئەوسای تورکیا عەبدوڵڵا گول (١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢- ١٤ی ئازاری ٢٠٠٣) بۆ هێورکردنەوەی نیگەرانییەکانی مۆسکۆو رەواندنەوەی نیگەرانییەکانی سەبارەت بە ئاراستەو

سیاسەتەکانی حکومەتی تازەی تورکیا، لە چاوپێکەوتنێکدا لە ڕۆژنامەی دەیلی نیووزی تورکیدا لە کۆتایی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢ دا وتی "ئامانجمان ئەوەیە بۆ دنیای دەرخەین کە وڵاتێکی خاوەن گەلێکی موسڵمان دەتوانێ وڵاتێکی دیموکرات و شەفاف و مۆدێرنیش بێت و هاوکاریی جیهان بکات".[١٢]

سەرباری، سەردانەکەی سەرۆکی پارتی دادو پەرەپێدان رەجەب تەیب ئەردۆغان کە پاشتر پۆستی سەرەك وەزیرانی وەرگرت، بۆ مۆسکۆ لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢، وەك سەردانێکی زۆر باش هاتە بەرچاو چونکە بووە مایەی هێورکردنەوەی روسیاو رەواندنەوەی نیگەرانیی لە ئاراستەکانی حکومەتی تازە. سەرۆکی روسیا ڤلادیمیر پۆتن خۆشحاڵیی خۆی سەبارەت بە ئاستی پەیوەندنی لەگەڵ تورکیا دەربڕی، هەروەك هەردوو وڵات لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە کار بکەن بۆ پەرەپێدانی هاوکاریی سیاسیو ئابوریی نێوانیان. هەروەها سەرۆکی روسیا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە پرۆژەی بۆرییەکانی رێڕەوی شین لە قۆناغی کۆتاییدایەو لەم بارەیەوە گوتی"تورکیا دەمێکە هاوبەشی ئێمەیە. لەم دواییەشدا پەیوەندیمان زۆر گەشەی کردووە و پێشبینیی ئەوە دەکەم کە چاکترین داب و نەریتی پەیوەندیی نێوان روسیاو تورکیا بپارێزرێ و ئەو پەیوەندییە پەرە پێ دەدەین و دەیگەیەنینە ئاستێکی نوێ". هەروەها سەرۆك پۆتن سوپاسی ئەردۆغانی کرد لەپای هەڵوێستە رونەکەی بەرامبەر بەوەی کە ناوی لێ نابوو "بەرپەرچدانەوەی تیرۆر".[١٣]

لە شوباتی ٢٠٠٤دا وەزیری دەرەوەی تورکیا عەبدوڵڵا گول سەردانێکی فەرمیی مۆسکۆی کردو لەسەردانەکەدا ١٥٠ کارناسی تورکی لەگەڵ خۆیدا بردبوو. لەوێ چاوی بە وەزیری دەرەوەی روسیا ئیگۆر ئیڤانۆڤ کەوت و چوار رێککەوتنیشی سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی جیاواز واژۆ کرد. گول لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی روسیا رونی کردەوە کە تورکیا و روسیای فیدراڵ مێژویەکی هاوبەشیان هەیەو ریشەی پەیوەندییەکانیان بۆ

نزیکەی ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوەو بۆ هەردوو وڵات چاکترە بە جۆرێکی وەها پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتریدا رێك بخەن کە ببێ بە مایەی خزمەت کردنی بەرژەوەندیی هاوبەشیان، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە جیهان گۆڕانکاریی ریشەیی بە خۆیەوە دەبینێت".[١٤]

لە ٥- ٦ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤دا سەرۆکی روسیا پۆتن سەردانی تورکیای کرد. پۆتن یەکەم سەرۆکی روسیایە کە پاش ٣٢ ساڵ سەردانی تورکیا دەکات. یاوەری لەم سەردانەدا وەزیری بەرگریی روسیا سێرگی لاڤرۆڤ و سەرۆکی هەرێمی تەتەرستان و لێپرسراوانی چەند کۆمپانیایەکی گەورەی روسیا بوو، لەوانە کۆمپانیای گازپرۆم و کۆمپانیای تاتنەفت کە لە بواری نەوت و گاز کار دەکەن. لەسەردانەکەیدا سەرۆك پۆتن وتووێژی لەگەڵ سەرۆکی تورکیا ئەحمەد نەجدەت سەزەرو سەرەك وەزیران رەجەب تەیب ئەردۆغان کردو لەو وتووێژەدا رێوشوێنەکانی پەرەپێدانی دوقۆڵیی نێوان هەردوو وڵات مشتوماڵ کرا.[١٥] لەئەنجامی ئەم سەردانەدا هەردوولا راگەیەندراوێکی هاوبەشیان بۆ "قوڵکردنەوەی دۆستایەتی و شەریکایەتیی فرە رەهەند" واژۆ کرد.[١٦]

ئەم سەردانە ئاماژەیەك بوو سەبارەت بەوەی کە هەردولا خوازیارن پەیوەندییەکی باش لەنێوانیان بێتە دی. ئەو پرسانەش کە هەردولا گفتوگۆیان لەبارەیەوە کردووە بریتی بون لە مەسەلەی پەکەکە و مەسەلەی چاچانستان لە روسیای فیدرال و رەنگدانەوەی ئەم دوو مەسەلەیە لەسەر تورکیا، تەنگەکان، دامەزراندنی هێڵی بۆری، شەریکایەتی لە ئاسیای ناوەڕاست و کافکاس، سەرباری هەوڵدانی هەردولا بۆ دۆزینەوەی بواری دیکە بۆ فراوان کردنی ئاستەکانی هاوکاریی نێوانیان.[١٧] لەم بارەیەوە سەرۆك پۆتن گوتی "ئێمە سورین لەسەر پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکان".[١٨]

لەو سەردانەدا هەردولا لە چوارچێوەی راگەیەندراوە هاوبەشەکەی تایبەت بە "قوڵکردنەوەی دۆستایەتی و شەریکایەتیی فرە رەهەند" دا ئەم رێککەوتننامانەیان واژۆ کرد:[١٩]

١-راگەیاندنی هاوبەشی قوڵکردنەوەی دۆستایەتی و هاوکاریی فرە رەهەند.

٢-پاراستنی مافەکانی موڵکداریی فیکری لە چوارچێوەی هاوکاریی تەکنیکی و عەسکەریدا.

٣- پاراستنی زانیاریی نهێنی و کەرەستە نێردراوەکان لەچوارچێوەی هاوکاریی تەکنیکی و عەسکەریدا.

٤-رێ نەدان بە روداوە دەریاییەکان لە دەرەوەی سنوری ئاوی.

٥-رێککەوتننامەی هاوکاریی نێوان کۆمپانیا روسییەکەی ڤنیش ئیکۆنۆم بانك و کۆمپانیای رۆزکسیم بانك و کۆمپانیای ئیکسیم بانکی تورکی.

٦-یاداشتی لێك تێگەیشتن دەربارەی هاوکاری لەبواری گاز لەنێوان کۆمپانیای گازپرۆمی روسی و کۆمپانیای بۆتاسی تورکیدا.

٧-یاداشتێکی لێك تێگەیشتن لە نێوان ئەکادیمیای دیپلۆماتکاریی وەزارەتی دەرەوەی روسیاو سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا.

سەرۆك پۆتن دەربارەی واژۆکردنی پرۆتۆکۆلی دۆستایەتی و شەریکایەتیی نێوان هەردوو وڵات گوتویەتی "ئەم پرۆتۆکۆلەی دۆستایەتی و شەریکایەتی هەوڵی هەردولا لەبواری بەربەرەکانێ کردنی تیرۆر سەقامگیرتر دەکاو وزەو تینێکی زۆر بە هاوکارییەکە دەبەخشێ". هەروەها گوتی "ئێمە دیسان جەختمان کردەوە سەر سوربونمان لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندیی سیاسی و ئابوریی و کەلتوریی نێوانمان لەهەموو بوارەکاندا". لەکاتێکدا کە سەرۆك پۆتن سوپاسی سەرکردەکانی تورکیای کرد کە هەوڵەکانی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ بەربەرەکانی کردنی ئەوەی کە ناویان ناوە تیرۆر، ئامادەیی وڵاتەکەی دەربڕی بۆ هەماهەنگی و هاوکاری لەم بارەیەوە بە شێوەیەکی تایبەت. هەروەها سەرۆکی تورکیا ئەحمەد نەجدەت سەزەر بەنۆرەی خۆی جەختی کردە سەر ئەوەی کە "پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان هەردوو وڵات رۆڵی هەیە لە ئاشتی و سەقامگیری و پێشکەوتنی ناوچەکەدا"، هەروەك سەرەك وەزیرانی تورکیا

ئەردۆغان وتی "جیهان سەرسامە بەو گۆڕانە باشەی کەبەسەر پەیوەندییەکانی نێوان روسیاو تورکیادا هاتووە".[٢٠]

ساڵی دواتر، لە ١٢ی کانونی دووەمدا، سەرەك وەزیرانی تورکیا ئەردۆغان سەردانی مۆسکۆی کرد، ئەمەش وەڵامی سەردانەکەی سەرۆك پۆتن بوو. لەم سەردانەدا ئەردۆغان ٦٠٠ کارناسی تورکی لەگەڵ خۆیدا بردبوو.[٢١] هەر لەم سەردانەشدا مەسەلەکانی تایبەت بە فرۆشتنی گازی سروشتی و مەسەلەی قوبرس و پەیوەندیی بازرگانی تاوتوێ کران. بەڵام لایەنی تورکی وەڵامێکی باشی دەربارەی ئەوە وەرنەگرت کە بەکاڵای تورکی و سەرلەنوێ هەناردە کردنەوەی گازە زیادەکە نرخی گازەکەی روسیا بدا. سەبارەت بە مەسەلەی قوبرسیش سەرۆك پۆتن وتی روسیای فیدراڵ پشتگیریی ئەو پلانەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆفی ئەنان (١٩٩٧- ٢٠٠٦) دەکات سەبارەت بە دابین کردنی ئاشتی بۆ قوبرس[٢٢] و پەیوەندیی ئابوریی وڵاتەکەی لەگەڵ قوبرسییە تورکەکان پەرە پێ دەدات.[٢٣]

لە ١٧- ١٨ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٥ دا سەرۆکی روسیا پۆتن لە بارەگای سەرۆکی روسیا لە شاری سۆچی لەسەر لێواری دەریای رەش چاوی بە سەرەك وەزیرانی تورکیا کەوت و رەزامەندیی نیشاندا نوێنەرانی فەرمانگەکانی کاری تورکیاو روسیا بەشدار بن لە کۆبونەوەکەدا. لە کاتی گفتوگۆی نێوان پۆتن و ئەردۆغان دا، جەخت کرایە سەر ئەو کارانەی کە لەکاتی سەردانەکەی سەرۆکی روسیا بۆ ئەنکەرە لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤ ئەنجام دراون. سەربار، هەردولا پلانیان دانا بۆ داهێنانی رێوشوێنی دیکە بۆ فراوان کردنی هاوکاری لەبوارەکانی ئابوری و عەسکەری و وزەو سیاسەتدا.[٢٤] لە کۆتایی دیدارەکەشدا سەرەك وەزیرانی تورکیا لە لێدوانێکدا گوتی "باری سەرنجی هەردولامان بەتەواوی هاوجوتە لەسەر رەوشی ناوچەکە، سەرباری مەسەلەکانی تایبەت بە پاراستنی سەقامیگری لە جیهاندا".[٢٥]

سەبارەت بەوەش کەهەردولا بەپەرۆشن بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی دوقۆڵییان و چڕکردنەوەی هاوکارییان لە هەموو بوارەکاندا، لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ دا هەردولا چەند جارێك سەردانی یەکتریان کرد. لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٦دا سەرۆکی تورکیا ئەحمەد نەجدەت سەزەر سەردانی مۆسکۆی کرد، پاشان سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیا بۆلەنت ئارنیچ لە تەموزی هەمان ساڵدا چوو بۆ مۆسکۆ، ئنجا دواتر سەرۆکی ئەنجومەنی فیدراڵی روسیای فیدراڵ سێرگی میرۆنۆڤ لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٧دا سەردانی ئەنکەرەی کرد کە ئەمەش بووە مایەی پتەوترکردنی پەیوەندیی نێوان هەردوو دەوڵەت و هاوکاریی دووقۆڵی لەسەر ئاستی پەرلەمانی. هەروەها لە هەمان ماوەدا وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵات سەردانی یەکتریان کرد، هەروەها چەند وەزیرێکی دیکەش سەردانی یەکتریان کرد.[٢٦]

لەلایەکی ترەوە وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندنی روسیا ئەلیکزاندەر سۆلۆکۆڤ وای دانا کە پەیوەندییەکانی تورکیا- روسیا نمونەیەکی راستەقینەی دراوسێتیی باش و رێزگرتن لەیەکترییە. وەزیر لە وتەیەکدا لە ١٥ی ئازاری ٢٠٠٧ دا لە ئەنکەرە، لەکاتی رێ و رەسمی کردنەوەی "ساڵی رۆشنبیریی روسیایی لە تورکیا" وتی "ئەم پەیوەندییە رۆڵ و دەسەڵاتی روسیاو تورکیا لەجیهان زیاد دەکات و مایەی گەشەکردنی هەردوو وڵاتە رووەو مۆدێرنێزە". وەزیر وتی کە ئەو بەتەواوی لەو بڕوایە دایە کە "ساڵی رۆشنبیریی روسیایی لە تورکیا" نەك هەر پەیوەندیی رۆشنبیریی نێوان روسیاو تورکیا دەوڵەمەند دەکات بەڵکو گەشە بە سەرجەم پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەدات".[٢٧]

پاش هەڵبژاردنی بە سەرۆکی کۆمار لە تورکیا لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧، سەرۆکی روسیا ڤلادیمیر پۆتن لە نامەیەکدا پیرۆزبایی لەسەرۆك عەبدوڵلا گول کردو وتی "پەیوەندییەکانی نێوان روسیاو تورکیا نەك هەر بۆ گەلی هەردوو وڵات سودبەخشن بەڵکو مایەی دابین کردنی سەقامگیریو ئاسایشیشن لەناوچەکەدا".[٢٨]

## پێشهاتەکانی پەیوەندیی نێوان هەردوولا لەساڵی ٢٠٠٩دا

سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ پێشهاتێکی گرنگی لەسەر ئاستی پەیوەندیی سیاسیی نێوان تورکیاو روسیای فیدرال بەخۆیەوە بینی، ئەویش پاش سەردانی سەرۆکی تورکیا عەبدوڵڵا گول بۆ مۆسکۆ لە ١٣ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٩ و لەم رووەوە سەرۆکی روسیا دیمیتری میدڤیدیڤ کە لە ئایاری ساڵی ٢٠٠٨دا ببوو بە سەرۆکی روسیای فیدرال، وتی سەردانی سەرۆک گول بۆ مۆسکۆ "سەرەتای قۆناغێکی تازەیە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات". هەروەها لە کۆنفرەنسێکی میدیاییدا لەکۆتایی وتووێژەکاندا وتی "پەیوەندییە دووقۆڵییەکان دۆستانەن و لەسەر بنچینەی یەکسانی دامەزراون و ئاسۆیەکی فراوانیشیان لە بەردەم دایە".[٢٩]

راپۆرتەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە سەرۆکی تورکیا بە یاوەریی وەزیری بازرگانیی تورکیا کورشات تووزمان و وەزیری وزە حیلمی گولەر گەیشتۆتە مۆسکۆ، سەرباری ژمارەیەکی زۆر کارناس. دواتر وەزیری دەرەوەی تورکیا عەلی باباجان لە شاری راجای پایتەختی لاتفیاوە چووە مۆسکۆو پەیوەندیی بە شاندەکەوە کرد. سەردانەکەی سەرۆکی تورکیا چوار رۆژی خایاند. ئەجیندای کار لەم خاڵانە پێکهاتبوو:[٣٠]

-لێك تێگەیشتن دەربارەی هاوکاریی تورکیا- روسیا سەبارەت بە ئاسایشی دەریای رەش و تەنگەکان و رێڕەوە دەریاییەکانی تورکیا.

-لێك تێگەیشتن دەربارەی هاوکاریی تورکیا- روسیا لە بوارەکانی نەوتو گاز.

-لێك تێگەیشتن دەربارەی هاوکاریی تورکیا- روسیا لە بوارەکانی بازرگانی.

-لێك تێگەیشتن دەربارەی هاوکاریی تورکیا- روسیا لە بوارەکانی کاری سیاسی لە ناوچەکە، بەتایبەتی لە دۆسێکانی کافکاس و ئاسیای ناوەڕاست و بالکان.

هەردوو سەرۆك جەختیان کردە سەر گرنگیی ستراتیجیی هاوکاریی نێوان لە ناوچەی دەریای ڕەش و هەماهەنگیی نێوانیان لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی بۆ خزمەت کردنی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەو جیهان. هەروەها گفتوگۆکان بواری تریشیان گرتەوە وەك پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بارودۆخی عیراق و کێشەی قوبرس، سەرباری تاوتوێ کردنی ڕەوشی ناوچەکانی بالکان و کافکاس و ئاسیای ناوەڕاستو جەخت کردنە سەر نزیکی یان هاوجووتیی هەڵوێستی هەردوو وڵات سەبارەت بە زۆربەی کێشە گرنگەکان و پێویستیی بونی هەماهەنگی لەنێوانیاندا بۆ یەکخستنی سیاسەتی دەرەوەیان لەپاشەڕۆژدا.

لەو بەیاننامە هاوبەشەی کە سەرۆك میدڤیدیڤ و گول لەگفتوگۆکانی لوتکەدا واژۆیان کردبوو، هاتبوو کە بواری وزە بایەخێکی ستراتیجیی لە پەیوەندییەکانی روسیا- تورکیادا هەیەو بە کەڵکی پەرەسەندنی ئایندەی پەیوەندییەکە دێت و هەردوو وڵات بەتەمان کار بۆ هەمەچەشنەکردنی پەیوەندیی نێوانیان بکەن، ئەویش لەڕێی جێبەجێ کردنی چەندەها پرۆژەی بەرچاوو تازە، لەوانە پرۆژەکانی تایبەت بە وزەی ئەتۆمی و دەستەبەرکردنی جموجوڵی ئازادی کاڵاو خزمەتگوزاری و سەرمایەو هاندانی وەبەرهێنانی هاوبەش و دامەزراندنی مەڵبەندی لۆجستیکی لە هەردوو وڵاتدا بۆ گەرەنتی کردنی ئەو جموجوڵە.[٣١]

لەم رووەوە سەرۆك میدڤیدیڤ جەختی کردە سەر ئەوەی کە سەردانی سەرۆك گول بۆ روسیا ئاماژەیە بۆ دەستپێکی قۆناغێکی گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات و ئەو پەیوەندییە دووقۆڵییانەش پەیوەندیی دۆستانەی هاوسەنگن و شەریکایەتییەکی شیاوی

گەشەکردنن. لە پرێس میدیا هاوبەشەکەدا کە لەکریملین ساز کرا، میدڤیدیڤ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەیاننامە هاوبەشەکە خۆی لە خۆیدا بەڵگەنامەیەکی سیاسییە بنچینەیەك بۆ پەرەپێدانی هاوکاریی نێوان هەردوو وڵات لە ئایندەدا دادەنێت، ئەویش لە بوارەکانی سیاسەتی دەرەوە، هاوکاریی مرۆڤی، ئابوری و بازرگانی بەو بەڵگەیەی کە قەوارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان روسیاو تورکیا لە ماوەی دە ساڵدا ۳۵ جار زیادی کرد. بە هۆی ئەمەوە تورکیا لە ناو لیستی هاوبەشە بازرگانییەکانی روسیادا پلەی پێنجەمی بۆ خۆی داگیر کردو لە ئەنجامدا کەوتە پێش هەر یەك لە ژاپۆن، ئەمریکا، بریتانیا و فەرەنسا، لەکاتێکدا کە روسیا بووە هاوبەشی یەکەمی تورکیاو بەم پێیە روسیا لە لیستی هاوبەشە بازرگانییەکانی تورکیا کەوتە پێش ئەڵمانیا. هەندێ لە سەرچاوە فەرمییەکانی بریتانیا ئاماژەیان بەوە داوە کە مۆسکۆ و ئەنکەرە رێککەوتبون لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی تەکنیکی بۆ سەرپەرشتی کردنی دۆزینەوەی رێگەچارە بۆ کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو وڵات کە دیارترینیان کێشەکانی گواستنەوەو رەسمی گومرگی کە مایەی دروست کردنی ئاستەنگ و تەگەرەن لە بەردەم هەوڵەکانی فراوان کردنی بازرگانی و پرۆسە ئابورییەکانی نێوان تورکیا- روسیا.[۳۲]

لەم رووەوە چاودێرەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە سەردانەکەی سەرۆك گول بۆ روسیا چەند دورنمایەکی ناڕاگەیەنراوی هەبوەو ئەو دورنما رانەگەیەنراوانە زۆر زۆرترن لە درونما راگەیەنراوەکان. لەم روەوە دەتوانین تێبینیی ئەمەی خوارەوە بکەین:[۳۳]

-لە روی کاتەوە، سەردانەکە لە کاتێکدا ئەنجام دراوە کە تێیدا گرژییەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل بە هۆی شەڕی غەززەوە لە کۆتایی ساڵی ۲۰۰۸ گەیشتبووە ئاستێکی خراپ تا ئەو رادەیەی کە هەردولا بەئاشکرا و راشکاوانە رەخنەیان لە یەکتری گرتووەو دژی یەکتری وەستاونەتەوە، کە ئەمەش شتێکە بەهیچ شێوەیەك لە مێژوی پەیوەندییە دورو درێژەکەی تورکیا- ئیسرائیل روی نەداوە.

-لەروی دپلۆماسییەوە، هەواڵەکان باسیان لەوە کردووە کە روسیا لەسەر بەرزترین ئاستی پرۆتۆکۆلی پێشوازیی لە سەرۆکی تورکیا کردووەو ئەو وەزیرانەی کە گول چاوی پێ کەوتون قورسایی خۆیان هەبوە.

-ئەجیندای سەردانەکە بابەتی وای تێدا بووە کە بەلای واشنتۆنەوە قەدەغەکراون و نابێ ئەنکەرە بە هیچ چەشنێك دەستیان بۆ بەرێ. بەڵام ئەنکەرە گوێی نەداوە بە نارەزایی ئەمریکا و لەگەڵ روسیا گەیشتووە بە سازان دەربارەی ئاسایشی دەریای رەش، کافکاس، ئاسیای ناوەڕاست و فایلی هاوکاریی نەوتی، سەرباری فایلی ئەتۆمی.

کورتییەکەی، هەڵە نیە جەخت بکرێتە سەر ئەوە کە پەیوەندیی دیپلۆماسییانەی نێوان تورکیاو روسیای فیدرال پاش هەرەس هێنانی یەکێتیی سۆڤێت بەرەو چاکبونەوە هەنگاوی ناوە. ژمارەی زۆری سەردانە فەرمییەکان و ژمارەی زۆری کۆبوونەوەکان لەسەر ئاستی سەرۆکەکان و سەرەك وەزیرانەکان ئەو راستییە دەردەخەن کە هەردولا بایەخێکی زۆریان بە پەیوەندی دووقۆڵیی نێوانیان داوە. ئەم سەردانانە بۆ چاککردنی پەیوەندییەکانیان لەبوارە جیاوازەکاندا زۆر گرنگ بووە و ئاماژش بون بۆ هەوڵدانی هەردوولا بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان و گەیاندنی ئەو پەیوەندییە بە ئاستی هاوبەشیی ستراتیجی کە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئاراستەی سیاسیی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی هەردوو دەوڵەت گۆڕانی بەسەردا هاتووە.[٣٤] نۆژەر شیرین ت. هەنتەر ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە "لێپرسراوە تورك و روسەکان تا دێ زۆرتر ئاماژە بۆ تایبەتمەندیی دەوڵەتەکانیان دەکەن وەك دوو هێزی گرنگ لە ناوچەکەدا، بۆیە تێڕوانینی تورکیاو روسیا یەك تێڕوانینە دەربارەی پێویستیی ئەوەی کە تورکیاو روسیا نەبن بە دوو دەوڵەتی رکابەری یەکتری، بگرە بەپێچەوانەوە، هەردوکیان پێویستیان بەوەیە کە ببن بەدوو دەوڵەتی تەواوکەری یەکتر".[٣٥] هەر چۆنێك بێت، چاکبونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو هێزە گرنگە، بەدڵنیاییەوە دەبێتە مایەی پێکهێنانی بوارێکی باش بۆ پێڕۆکردنی

سیاسەتی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە ناوچەی ئۆراسیا کە دەشێ پاش نەمانی رژێمەکانی ئێستای ئەم دوو دەوڵەتەش درێژە بکێشن.



## کۆبەندو ئەنجامگیری

ئەم توێژینەوەیە باس لە پەرەسەندنی پەیوەندیی و دیپلۆماتکارانەی نێوان تورکیاو روسیای فیدرال دەکات لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٠- ٢٠٠٩. ئەم ماوەیە لە مێژوی هاوچەرخی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە، ماوەیەکی زۆر گرنگە و زۆر فاکتەر هەن کە رۆڵیان لە پەرەپێدانی ئەم پەیوەندییەدا هەبوە، گرنگترینیان ئەمانەن: گۆرانی رژێمی سیاسیی هەردوو دەوڵەت و هەوڵدانی هەردوکیان بۆ پیادەکردنی سیاسەتێکی سیاسیی نەرمو نیان بە مەبەستی چاککردنی پەیوەندیی سیاسییان و قوڵ کردنەوەی ئاسۆکانی هاوکارییەکانیان لەبوارو ناوچە جیاوازەکاندا، سەرباری هەماهەنگیی نێوانیان سەبارەت بە ژمارەیەك مەسەلەی خاوەن بایەخی هاوبەش. سەردانە فەرمییەکانی بەرپرسانی هەردوو وڵات بایەخێکی زۆریان هەبوو بۆ گەیاندنی ئەو پەیوەندییە بۆ ئاستی هاوبەشیی ستراتیجی. ئەو هاوبەشییە ستراتیجییەش لەو رێککەوتننامە دووقۆڵییانە رەنگیان داوەتەوە کە هەردولا لەگەڵ یەکتریدا بەستویانە. لوتکەی ئەو سەردانە فەرمییانە، سەردانەکەی سەرۆك عەبدوڵڵا گول بوو بۆ مۆسکۆ لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٩ کە واژۆکردنی دیکۆمێنتێکی ستراتیجیی لەنێوان هەردوو وڵاتی لێ کەوتەوەو ئامانجەکەی پەرەپێدانی هاوکاریی نێوانیان بوو لەبوارە جیاجیاکاندا. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ گرنگترین ئەنجامگیرییەکانی ئەم توێژینەوەیە بکەین کە ئەمانەن:

١-گەشەکردنی پەیوەندیی سیاسیی نێوان تورکیاو روسیای فیدرال رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر قوڵکردنەوەی دایەلۆگی سیاسیی نێوان هەردوو وڵات و فراوان کردنی بواری هاوکارییان بە شێوەیەکی پتەو لە بوارە هەمەجۆرەکانداو لە چەندان ناوچە وەك ناوچەکانی دەریای رەش، کافکاس، ئاسایی ناوەڕاست و یارمەتیدانی یەکتری لە ناو رێکخراوە نێودەوڵەتییە فرە

لایەنەکاندا لەوانە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی (OTC) و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی (WTO)و ڕێکخراوی دەریای ڕەش بۆ هاوکاریی ئابوری (BSEC).

٢-سەردانەکەی سەرۆکی تورکیا عەبدوڵڵا گول بۆ مۆسکۆ جەختی کردۆتە سەر فاکتەرە جێگرەکانی پەیوەندییەکانی تورکیا- روسیاو بناغەی بۆ سازانی ستراتیجیی تورکیا- روسیا داناوە. نیشانەی ئەم سازانە نیشانەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو چونکە مۆسکۆ ڕێککەوتننامەی ڕاگەیاندنی هاوبەشی تورکیا- روسیای وەك دیکۆمێنتێکی ستراتیجی ناساند کە ئەمەش چەندان پرسی گرتۆتەوە وەك سازانی تورکیا- روسیا دەربارەی ئاسایشی دەریای ڕەش، تەنگەکان، ڕێڕەوە دەریاییەکانی تورکیا، سازان سەبارەت بە هاوکاری لە بوارەکانی نەوت و گاز و بوارەکانی بازرگانیی ئازاد، بوارەکانی کاری سیاسیی ناوچەیی، بەتایبەتی لە دۆسێ ئاڵۆزەکەی ناوچەی کافکاس- چاچانستان و گروپە چەکدارەکان و مەسەلەی جۆرجیا- و هەروەها ئاسیای ناوەڕاست و بالکان.

٣-فایلە ناوچەییەکانی کافکاس و ئاسیای ناوەڕاست کە ئەمریکا دەیەوێ بەکاریان بێنێ بۆ دابین کردنی قازانجە ستراتیجییەکانی خۆی لەو ناوچانەو هەوڵیش دەدا. ئەو فایلانە لە دژی روسیا بەکار بهێنێ، سەرباری فایلی دامەزراندنی تۆڕی بەرگریی موشەکی و فایلی قەیرانی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، هەموو ئەم فایلانە روبەڕوی لێك نزیك کەوتنەوەی تورکیا- روسیا بونەوەو بونە هۆی پاشەکشەی دەسەڵاتی ئەمریکا لە کافکاس و ئاسیای ناوەڕاست. ئەمەش مایەی گەیاندنی زیانێکی ستراتیجیی گەورەیە بە ئەمریکا چونکە لێرەدا ئەمریکا هەر ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە کە پشت بە تورکیا ببەستێ، تورکیاش لەژێر دەسەڵاتی پارتی دادو پەرەپێدان دایە. هەرچەند تورکیا دەستبەرداری ڕێککەوتننامەکانی شەریکایەتی لەگەڵ ئەمریکا نابێ، بەڵام تورکیا وا بە ئاسانی خۆی ناخاتە بەر دەستی واشنتن کە دەمێکە هەوڵی

دەستەمۆكردنی توركیا دەدا، چونكە توركیا نیازی نیە ئازادیی جموجوڵی رەها لە ناوچەكەدا، وەك جاران، لە سەردەمی شەڕی سارددا، بۆ ئەمریكا بسەلمێنێ.

سەرچاوەو پەراوێزەكان:

---

[1]James W. warhola, “warming of turkish- Russian Relations and Implications”, demokrazatsiya, winter 2006, p. 2. Available at: http:// findarticles. Com/ p/ articles/ mi qa 3996/ is 200601/ ai n116 537297// print

[2]kamerkasim, “turkey’s foreign policy towards the Russian federation”, baysaluniversitesi, 2004, p. 2. Available at: http:// www.Turkishweekly. Net/ article/ 18/ turkey- s- fore- 305- gn- policy- towards- the- Russian- federation. html

[3]anilgurtuna, Turkish-- Russian Relations in the post soviet era: from conflict to cooperation, thesis of master in international relations submitted to the graduate school of social scialscienaes, middle east technical university, January 2006, p. 35.

[4]Vadimmarkushin, “Russia- turkey: doomed to be eternal neighbours”, perceptions, march –may 1997, vol. 2, p. 2. Available at: http:// www. Sam. Govtr/ perceptions/ volume2/ march- may 1997// russla. pdf

[5]gurtuna, op. cit., p. 36.

[٦]پێویستیی توركیا بە گازی سروشتی وای كرد قەڵەمڕەوێكی فراوان بۆ هاوكاریی نێوان توركیاو روسیا بێتە ئاراوە. هەردوو رازی بوون بە دروست كردنی هێڵی بۆریی گازیی سروشتی لە روسیاوە بۆ توركیاو لەم بارەیەوە رێككەوتننامەیەك لە ١٥ی كانونی یەكەمی ١٩٩٧ لە كاتی سەردانی سەرەك وەزیرانی روسیا ڤیكتۆر چیرنۆمیردن بۆ توركیا، واژۆ كراو بەهۆیەوە بڕیار درا ٣٠ ملیار مەتری سێجا گازی سروشتی لەڕوسیا لە بن دەریای رەشەوە بگات بە توركیا. بەگوێرەی ئەم پرۆژەیە، كۆمپانیای گازپرۆمی روسی و كۆمپانیای ئینیی ئیتالی هێڵی گواستنەوەی گازەكە لە ژێر دەریای رەش دروست دەكەن. درێژیی بۆرییەكە

١٢١٣ كيلۆمەترە لە شاری نۆڤۆر سیسكی روسیاوە تا شاری سامسۆنی توركیا كە كەوتۆتە سەر دەریای رەش. درێژیی بەشە روسییەكەی بۆرییەكە ٣٧٣ كیلۆمەتر دەبێ‌و درێژیی بەشەكەی ژێر دەریای رەش ٣٠٩ كیلۆمەترە. درێژیی بۆرییەكە لە ناو خاكی توركیا لە شاری سامسۆنەوە دەگاتە ٥٠١ كیلۆمەتر. بەهۆی ئەم پرۆژەیەوە، توركیا دەبێتە دووەم گەورەترین كڕیاری گازی روسی پاش ئەڵمانیا. بۆ زانیاریی زۆرتر بنواڕە:

-a. novopashinand  A. lavrwntievstroytransgazm new pipelines of Natural Gas Russia to Turkey', Paper presented in Onshore Pipelines Conference, Istanbul, 3-4 December 1998. KamerKasim, "Turkey's Foreign Policy Towards The Russian Federation", BaysalUniversitesi, 2004, p.18.

-عبدالله صالح، "السيل الازرق يشعل المنافسة على مصادر الطاقة في آسيا الوسطى والقوقاز"، مجلة العصر، تقارير اخبارية، ٥/١٢/٢٠٠٥.

http://www.alasr.ws/index.cfm?method=home.con&contentID=7262.

Michael Reynolds, "Russian-Turkish Relations and Chechnya", Insight Turkey, April-June 2002, Vol. 4, No. 2, p.60.

-Daily News Bulletin, The Embassy of the RF in Turkey, 20 September 2000. Available at: http://www.turkey.mid.ru/hron/34.html

[7]Robert O.Freedman, "Putin and the Middle East", Middle East Review of International Affairs (MERIA), Vol. 6, No. 2, June 2002, p.9.

[8]Gurtuna, Op. cit., p.37.

[9]SuatKiniklioglu, "The Anatomy of Turkish-Russian Relations", The Brookings Institute, Washington D.C, 2006, p.2. Available at: http://www.brookings.edu/comm/events/20060523sabanci 3a.pdf

[10]Gurtuna, Op.cit.,p.38.

[11]Freedman, Op.cit,p.10.

[12]Robert O.Freedman, "Russian Policy Toward the Middle East Under Putin: The Inpact of 9/11 and the War in Iraq", Alternatives: Turkish

Journal of International Relations, Vol.2, Summer 2003, pp.90-91. Available at:
http://www.alternativesjournal.net/volume2/number2/putin.ht

[13]Gurtuna, Op. cit., p.40.

[14]“The First Visit of Vladimir Putin to Turkey”, Axis Global Challenges Research, 21/8/2005. Available at:
-http://www.axisglobe.com/print article.asp?article=332

[15]Kinikioglu, Op. cit, p.2

[16]“The Firt Visit of Vladimir Putin to Turkey:,Op.cit.

[17]Kinikioglu, Op.cit,p.1.

[18]The first Visit of Vladimir putin…”,Op.cit.

[١٩]حكمت فاكه، "آفاق التقارب الروسي-التركي"، صحيفة الثورة السورية، ٣١/١/٢٠٠٥. متاح على الرابط الالكتروني التالي:
http://thawra.alwehda.gov.sy/printview.asp?FileName=65121698720050130195236

[20]Asim Oku, “Turkey-Russia Relation Dynamics:, Axis Global Challenges Research, 12/5/2005. Available at: -
http://www.axisglobe.com/article.asp?article=71

[٢١]بەپێی نەخشەی كۆفی ئەنان بۆ ئاشتی لە قوبرس، دەبێ یەك دەوڵەت لەهەردوو بەشە توركی و یۆنانییەكەی دورگەكە هەبێ و یەك حكومەتی ناوەندی هەبێت. نەخشەكە چەند پێشنیارێكی تێدایە بۆ چارەسەركردنی كێشە هەڵپەسێردراوەكان و دەسەڵاتەكانی حكومەتە ناوەندییە پێشنیاركراوەكە، هەروەها نەخشەكە باسی ژمارەی ئاوارە قوبرسییە یۆنانییەكان دەكا لەوانەی كەمافی گەڕانەوە بۆ باكوری دورگەكەیان هەیە، هەروەها باسی دەستبەرداربون لە خاك و ژمارەی هێزی سوپایی توركیا كە دەتوانێ لەسەر دورگەكە بمێنێتەوە. بۆ زانیاریی زۆرتر بنوارە:
-الزعماء القبارصة يسعون للتوصل لاتفاق توحيد الجزيرة، موقع قناة بي بي سي العربي، ١٩/ ٢/ ٢٠٠٤. متاح على الرابط الإلكتروني التالي:

http://news.Bbc.Co.uk/hi/Arabic/worldnewsinewid3502000/3502981.Stm.

[22]Gurtuna, op. cit., pp. 40- 41.

[23]Asimoku, “putin- erdogan: rapprochement continues (sochi summit review), axis global challenges research, 22/ 7/ 2005. Available at: http://www.axisglobe.com/article.asp?article= 268

[24]kinikioglu, op. cit., p. 2.

[25]turkish- Russian Relations: toward enhanced multisdimensional partnership’ and beyond”, today’s zaman, September 27, 2007, p. 3.

[٢٦]"وزير الثقافة الروسي يصف العلاقات الروسية- التركية بأنها علاقات حسن جوار حقيقية"، وكالة أنباء نوفوستي الروسية الرسمية، ١٥/ ٣/ ٢٠٠٧. متاح على الرابط الإلكتروني التالي: -http://ar.rian.ru/policy/foreing/20070315/62081350.html

[27]Ibid, p 1

[٢٨]"ميدفيديف.. زيارة الرئيس التركي لموسكو دشنت مرحلة جديدة في علاقات البلدين" وكالة الأنباء الكويتية (كونا)، الشؤون السياسية، ١٣/ ٢/ ٢٠٠٩. متاح على الرابط الإلكتروني التالي:

WWW.kuna.Net.Kw/NewsAgenciesPublicSite/ArtcleDetails.aspx?Language=ar&DI=1975717

[٢٩]"التقارب التركي-الروسي وأهداف زيارة عبدالله غول الى موسكو"، موقع الجمل، قسم الدراسات والترجمة، ١٧/٢/٢٠٠٩. متاح على الرابط الالكتروني التالي: -http://www.aljaml.com/node/42049

[٣٠]"روسيا وتركيا... صداقة متكافئة وشراكة واعدة"، المجلة الالكترونية السورية، ١٤/ ٢/ ٢٠٠٩. متاح على الرابط الالكتروني التالي: -http://www.souria.com/ar/em/hl/article.asp?at=26041

[٣١]هەمان سەرچاوە.

[٣٢]التقارب التركي-الروسي وأهداف زيارة عبدالله غول الى موسكو"، المصدر السابق.

[33]Gurtuna, Op. cit., p.41.

[34]Shireen T. Hunter, Islam in Russia: The Politics of Identity and Security (Armonk, New York: M. E. Sharpe, 2004).p.370.

[35]Hunter, Op. cit, P.361.